# ئەگەر خەڵکی بە پێی بانگەشەی خۆیان پێیان بدرێت؛ ئەوا کەسانێک داوای ماڵ (موڵک وپارە) وخوێنی (تۆڵەسەندنەوەیان) لە کەسانێکی تر دەکرد (بە ناهەق)

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵکی بە پێی بانگەشەی خۆیان پێیان بدرێت؛ ئەوا کەسانێک داوای ماڵ وموڵک وپارە وخوێن لە کەسانێکی تر دەکەن بە ناهەق، بەڵام بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو کەسەیە کە بانگەشە دەکات (دەبێت بیسەلمێنێت)، وسوێند خواردنیش لەسەر ئەو کەسەیە کە نکۆڵی دەکات».

[حەسەن - باش)] [رواه البيهقي وغيره هكذا وبعضه في الصحيحين)]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر خەڵکی تەنها بەپێی بانگەشەی خۆیان بڕیاریان بۆ بدرێت بەبێ بوونی بەڵگە وهۆکار؛ ئەوا کەسانێك داوای سامان وخوێنی خەڵکانێك دەکەن، بۆیە واجبە لەسەر بانگەشەکار بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر داواکەی، ئەگەر بەڵگەی پێ نەبوو ئەوا بانگەشەکە پیشانی ئەو کەسە دەدرێت کە داوای لەسەر تۆمارکراوە، ئەگەر نکۆڵی لەم بانگەشەیە کرد ئەوا دەبێت سوێند بخوات وبانگەشەکە هەڵدەوشێتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66532

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee